**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/٢**

## ڕینمایی دارایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧

## مۆڵەتی بێ مووچە

وەکو تێبینی کراوە هەندێك لە فەرمانبەرانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کە پێش یان پاش ڕێنماییەکانمان ژمارە(٤و١٤و٢٣) ی ساڵی /٢٠١٦ مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە وپاش کۆتایی هاتنی ماوەکە دووبارە داوای مۆڵەتی بێ مووچە دەکەن بە پێ ی ڕێنماییەکانی سەرەوە بێ ئەوەی دەستبەکاربینەوە بۆیە پێتان ڕادەگەیەنین :-

١- پێویستە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەکە ، دەستبەکاربینەوە و دووبارە داوایەك پێشکەش بکات بۆ پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بەپێ ی ڕێنماییەکانی سەرەوە وبە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی پێویستە بگیرێتە بەر

٢- بۆئەو فەرمانبەرانەی لە دەرەوەی وولاتن و بە هۆی نەخۆشیەوە ناتوانن بگەڕێنەوە ،پێویستە بە ڕاپۆرتی پزیشکی ئەو وولاتەی کە لێ نیشتەجێن پشت ڕاستبکرێتەوە و دواتر لەلایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ڕاستاندنی بۆ بکرێت و پاش پەسەندکردنی لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم دەکرێت مۆڵەتی بێ مووچەیان پێ بدرێت .

٣- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٧/١/١ جێبە جێ دەکرێت.

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**